# لەگەڵ هیلتیرمان و
# گەشتەکەی بەناو "دۆزێکی ژەهراوی"دا

**سەلاحی گەرمیان /سیدنی**
germiyan@hotmail.com



Joost Hilterman

"چۆن عێراق بۆی لوا پێشکەوێت لە دروستکردنی چەکی کیمیاوی ئێجگار ئالۆز و بەکاری بێنێت دژ بە سەربازە ئێرانیکان و کوردە گوندنشینەکان، لەو کاتەی ئەمریکا سەیری لایەکی تری ئەکرد. ئەمڕۆش کە عێراق داغان و پاشەڕۆژی ڕۆژهەلاتی ناوین نوقمی پشێوی ئەبێت، ئەو سیاسەتانە سەرهەڵئەدەنەوە و سەرنجی ئەمریکا و ڕۆژئاوا ڕائەکێشن و جارێکی تر پەیڕەو ئەکرێن".

بەو بڕگەیەی سەرەوە، نوسەری بەرەگەز هۆلەندی "یوست هیلتیرمان Joost Hilterman" وەک پێناسەیەک بۆ ئەو کتێبەی کە نوسیویەتی لە ژێر ناوی "دۆزێکی ژەهراوی .. ئەمریکا عێراق وگازبارانی هەڵەبجە" "A Poisonous Affair, America, Iraq, and the Gassing of Halabja"* کە لایەن زانکۆی کامبرج بلاوکراوەتەوە و، لە دەسپێکدا نوسەر ئاماژە بە ئامانج لە نوسینەوەی کتێبەکە ئەکات. لە تۆی کتێبەکەشدا بە وردەکاریەوە باس لە ڕوداوەکانی شەڕی هەشت ساڵەی نیوان عێراق و ئێران ئەکات و تیشک ئەخاتە سەر هۆکاری دەستوالابوونی ڕژێمی دکتاتۆری سەددام لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و، بەڕاشکاوی باس لە ڕۆڵی ئەمریکا ئەکات لە چاوپۆشیکردن و ڕێگاخۆشکردن بۆ بەجێهێنانی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان وبەرپاکردنی سیاسەتی قڕکردن خەلک و ویرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان لە شالاوە بەدناوەکەی ئەنفالدا. بە پێچەوانەی هەموو نەریت و یاسایەکی نیودەولەتی و لەوانەش پرۆتۆکۆلی جنیف ساڵی 1925 سەبارەت بە قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی.




**بەرگی کتێبەکە**

نووسەر وێنەیەکی تراجیدیایی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەخاتە بەرچاوی خوێنەر و پرسیار ئەورژێنیت و ئەڵێت: جیهان زۆر تاوانی ویرانکاری دڵتەزینی لەبیرکرد، هەر وەک چۆن لە"بابی یار" و "سیربینسکا" و"تیمیسوارا"و "هیرۆشیما" و "ناگازاکی" و چەند شوێنیکی تردا، بەهەمان شێوەش جیهان شایەتی ئەو جۆرە ویرانکاریە بوو لە هەڵەبجەدا. بەلام کێ ئێستا بە بیری دێتەوە؟

هیلتیرمان بە پشتبەستن بەو دۆکیومەنتانەی کە لە دوای ڕاپەرینەوە دەستی بەسەردا گیرا لە لایەن حیزبە کوردستانیەکانەوە وپاشان نیردرا بۆ ئەمریکا و، خرایە ژێر چاودیری ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و، تەنیا ڕێکخراوەی چاودیری مافەکانی مرۆڤ (HRW) Human Rights Watch کە سەرپشک بوو بۆ سود وەرگرتن لێیان وەکو سەرچاوەی زانیاری

ولێکۆڵینەوە. ئەویش وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوەیە ئەو بوارەی بۆ ڕەخسابوو. هەروەوها لە ڕێی چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆرێک لە بریندارەکان و پێشمەرگە و دکتۆر و بەرپرسی سیاسی و عەسکەری و شایەتحاڵی ئەو ڕووداوانە، لە میانەی سەردانەکانی بۆ کوردستان و عێراق و ئێران و کوێت و ئەردەن و لەگەڵ چەندین توێژەری دەزگای زانیاری ئەمریکی و ئیسرائیلیدا، کتێبەکەی وەک پانۆرامایەکی ڕووداوەکان و سەرچاوەیەکی مێژووی گرنگ ئەخاتە بەردەستی خوێنەران.

هیلتیرمان لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕوداوەکان و خستنەڕووی بەڵگە و دوکیۆمینتەکان، نەک تەنیا باری دیموگرافی و واقیعی سیاسی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی ئەخاتە بەرچاوی خوێنەر، بەڵکو بەشێوەیەکی چڕوپڕ مێژووی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان و پەیوەندی نیوان لایەنە سیاسیەکان و دژایەتی وپلانگێریان دژ بە یەکتر و پەنابردن وهاوکاریکردنی عەسکەری وسیاسی لەگەڵ حکومەتەکانی ولاّتانی دەوروبەر لە دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بۆ پاراستنی بەرژەوندی حیزبایەتی و بتەوکردنی ڕۆڵی سیاسیان کە زۆر جار بوەتەماڵویرانی بۆ خەڵکی کوردستان. لەهەمان کاتدا ئەچێتە سەر پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی و خێڵەکییەکانی نیوان لایەنەکان و کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان و تیشک ئەخاتە سەر دۆزە گرنگەکانی کوردن لەوانە کێشەی کەرکوک و سیاسەتی بە عەربکردن بۆ گۆڕینی باری دیمۆگرافی ئەو ناوچانەی بەر سیاسەتی شوفینیانەی ڕژێمی دیکتاتۆر کەتوون.

هیلتیرمان ئەمریکا بە هاوبەشی ڕژێمی سەدام ئەداتە قەڵەم لە ئەنجامدانی تاوانەکان و، ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنێت کە ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا "ڕۆناڵد ریگان" زانیاری تەواوی هەبوە لە دروستکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە هەر لە سەرتای ساڵی 1983 بەپێی قسەی بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا وەک وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمە جورج شولتز و، ڕونالد ڕامسفیلد و، ریچارد مورفی و، ریچاردۆنی و، چەندین ڕاپورت و چاوپێکەتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بەرپرسی سیاسی و سەربازی ئەمریکای و عێراقی و ئێرانی و ولاّتانی پەیوەندیدار و سکرتیری نەتەوە یەکگرتوەکان و دەیان لە بەرپرسانی تر و، ئاماژەش ئەدات بە سەرچاوەکانی دەزگای CIA و لایەنە سیاسیەکانی ئەمریکا.

لەبارەی سەرەتای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، هیلتیرمان ئەوە دەرئەخات کە ڕژێمی سەدام لە جولای ساڵی 1983 بۆ یەکەمین جار گازی کیمیاوی بەکارهێنا لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، دژ بە سوپای ئێران و هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەشەڕدا بوون بەرامبەر بە هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. لە ساڵی 1984 جارێکی تر سودی لە چەکی کیمیاوی وەرئەگرێت بۆ شکاندنی هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر دورگەی مەجنون لە هورەکانی سەرسنور لە باشوری عێراق. دواتر باس لە تاوانی کیمیابارانی شاری سەردەشت ئەکات و ئاماژە بەوەش دەکات کە چۆن ڕژێمی ئێران بیدەنگی و بێ بایەخانە ڕووبەڕوی ئەو کارەساتە هەڵوێستی نواند بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری ئێران، تەنیا لەبەر ئەوەی شارێکی کوردنشینە.

کتێبی "دۆزێکی ژەهراوی" بێجگە لە پێناسەیەکی تیروتەسەل و دەرئەنجام و کوتاییەک و چەند نەخشەیەکی کوردستان و عێراق و ناوچەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران، لەگەڵ ناوی ئەو کەسانەی کە نووسەر چاوپێکەتنی ئەنجامداوە لە گەڵیاندا، نۆ چابتەر لە نیوان بەرگی یەکەم و دوابەرگیدا ئەگرێتەخۆ، کە ئەمانەن:

**1**- مشتومڕی هەڵەبجە

2- پەڕینەوە لە دەروازەی کیمیاوی

3- دەستنیشانی قەوارە

4- ماوەی کیمیاوی

5- شەڕ لە کوردستان

6- هەڵەبجە

7- کاردانەوەی خۆدەرخستنی هەڵەبجە

8- ئێران و بەکارهێنانی گاز

9- ڕێگا بۆ کوێت

لە تۆی کتێبەکەدا، هیلتیرمان هەرچەندە بەدرێژی باس لە ڕوداوەکانی ساڵانی هەشتاکانی شەڕی نیوان عێراق و ئێران ئەکات بەگشتی و بەتایبەتیش دوو ساڵی دوایی ئەو شەڕە کاولکاریەی کە سەددامی دیکتاتۆر بەرپایکرد لە جیاتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و ڕژێمە تۆتالیتاریەکانی ناوچەکە، بۆ چۆکپێدانانی ئێران وبەرگرتن لە هێزەکانی شیعەگەرایی جمهوری ئیسلامی کە هەر لە یەکەم ڕۆژی دەسەلاتییەوە درۆشمی ناردنەدەرەوەی شۆرشەکەی ڕاگەیاند و مەترسی بلاوبوونەوەی هزری توندڕەوی شیعەگەرایی لەناوچەکە لە ئارادا بوو، ئەوەش ترسێکی گەورەی خستە بەر ئەمریکا و ڕۆژئاوا، لە لەدەستدانی بەرژەوەندیەکانیان لە ولاتە نەوتیەکانی عێراق وکەنداو. بە تایبەتی دوای ئابلوقەدانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و بەرزکردنەوەی دروشمی "مەرگ بەر ئەمریکا" لەلایەن "خومەینی" یەوە. دیارە سەددامیش وەک دکتاتۆرێکی لەخۆبایی ولووتبەرز کە مەترسی زۆری هەبوو لە ڕاپەڕینی شیعەکانی باشوری عێراق و دەستیوەردانی ئێران و هاوکاریکردنیان بۆ گۆرینی ڕژێمەکەی. ئەو واقیعە وای کرد ڕژێمی سەددام لەلایەن ئەمریکاوە بکرێت بە باشترین کەرەستە بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی ملیۆنی عاشقانی کەربەلا کە وەکو مێگەڵ مەلاکانی جمهوری ئیسلامی ڕوانەی بەرکانی جەنگیانیان ئەکرد.

لێرەدا من بەگرنگی ئەزانم ئەو خاڵانەی هیلتیرمان دەستنیشانیان ئەکات کە لە ئەنجامی چاوپۆشیکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی وئیدانەنەکردنی ڕژێمی سەددام لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە چوارچێوەی لێژبوونەوەی ڕۆژئاوا بەلای عێراقدا کە ئەم ئەنجامە دراماتیکیەی یەک لەدوای یەکەی لێکەوتەوە کە خۆیان لەمانەدا ئەبینێتەوە:

- ئیشارەتدانێک بو بە ڕژیمی عیراق کە نەک ئەتوانێت بەردەوام بێت بەڵکو بۆی هەیە پەرە بدات بە هێرشەکانی بە چەکی کیمیاوی، ئەوەش ڕویدا وکارەساتی هەڵەبجەی لێکەوتەوە و بوە لوتکەی ئەو تاوانانە. ئەو ڕوداوەی کە سەرۆکی ئەمریکای ئێستا "جورج بوش" کردیە یەکێک لە بیانوەکانی بۆ داگیرکردنی عێراق کاتێک کە سەددامی بە کیمیابارانی گەلەکەی تاوانبار کرد و لەبیری خۆی بردەوە کە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو بۆ پشتیوانی لە سەددامی دیکتاتۆر.
- ترسێکی زۆری خستە بەردەم خەڵکی سڤیلی شارەکانی ئیرانەوە (بە تایبەت دوای کیمیابارانی شاری سەردەشت و چەند ناوچەیەکی تر لە خۆزستان)[1].
- پشتیوانی لە سەددام و بێدەنگی لە کیمیابارانی هەڵەبجە بووە هۆکاری بەرپابوونی شالاوەکانی ئەنفال و، تۆقاندنی گوندنشینەکانی لێکەوتەوە کە لەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەناچاری ڕویانکردە هێزە سەربازییەکانی ڕژێم و خۆیاندا بەدەستەوە و پاشان بە کۆمەڵ نێردران بەرەو بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق و، لەوێدا خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.
- ئەوە پشتیوانیە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوە هاندانێک بۆ ڕژێمی عێراق کە دەست بکات بە پرۆگرامی چەکی بایۆلۆجی.
- هەر ئەوەش وایکرد لە ئێران کە چەکی کۆمەڵکوژی و ئەتۆمی بخاتە بەرنامەیەوەی و ئێستا جیهان دوچاری ئەو میراتە ئەبێتەوە.
- لە کاتی شەڕی کوێتدا هێزە هاوپەیمانەکان لە سعودیە و خەڵکی شارەکانی ئیسرائیل چاوەڕوانی هێرشی کیمیاوی بوون لە لایەن عێراقەوە لە ترس و تۆقاندا ژیانیان ئەبردەسەر، پاش سێ مانگیش هەر ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هۆی سەرەکی کۆرەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بو بەرەو سنورەکانی تورکیا و ئێران. هەر ئەوەش هۆکارێک بو بۆ هێرش کردنی عیراق بۆ سەر کوێت، کاتێک سەددام بە چەواشەکارییەوە تێگەیشت لەو هاوکاریانەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و پێی وابوو بۆی ئەچێتە سەر و قەیران جیهانی دینێتە کایەوە.
- بووە هۆی پوچەڵکردنەوەی جیبەجێکردنی یاسا نیودەوڵەتیەکان دژ بە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و باوەڕپێنەکردن بە دەزگا نێودەوڵەتیەکانی جیهان وەک نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە هیلتیرمان کتێبەکەی ئەکاتە دیاری بۆ هەموو ئەنفالکراوەکان و بەتایبەتی بۆ پینج پیاو و کوڕێک کە رزگاریان بووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال وەکو خۆی ئەڵێت وناویان ئەهێنێت بە یەکەم پیتی ناوەکانیان "F., O., R., T., W., and Y." وهەروەها بۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر.

---

[1]- ئەوەی لەناو کەوانەکەدایە لە کتێبەکەدا نەهاتوە، بەلاّم بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بە پێویستم زانی وەک نمونە بیخەمە ڕوو.

## چەند دێڕێك لەبارەی نووسەرەوە:

:: یوست هیلتیرمان Joost Hilterman لە هۆڵەندا لە دایک بوە نیشتەجێی ئەمریکایە و ئێستا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە.

:: لە ساڵانی 1983–1983 مامۆستا ئەبێت لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهرە. لە رێی قوتابیانی فەلەستینەوە ئەچێتە کەناری رۆژئاوای فەلەستین و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەوێ ئەمێنێتەوە. پەیوەندی بە رێکخراوەی "حەق"ی فەلستینی بۆ مافی مرۆڤەوە ئەکات لە ساڵی 1985-1990 کاری تێدا ئەکات و دکتورانامەکەی لە بواری راپەرینی فەلەستین و بزوتنەوەی ژنان وکرێکارانی فەلەستین ئەنجام ئەدات.

:: لە ساڵی 1992 لەسەر داوای کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنوسان دێتە بەغدا لەگەڵ دایکی وێنەگری ئەڵمانی "گاد گرۆس Gad Gross" کە لە راپەرینی ساڵی 1991 لە کەرکوک ئەکوژرێت، بە ئومێدی دۆزینەوەی تەرمەکەی.

:: لە ساڵی 1992 دەستی بەکارکردن کردوە لە رێکخراوەی چاودیری مافەکانی مرۆڤ Human Rights Watch (HRW) ئەرکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون و گەران بەدوای لایەنە شاراوەکانی دۆزی ئەنفال و تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی کوردستان پی سپێردرا. بۆ ئەو مەبەستە ئەچێتە کوردستان و بۆ ماوەی سێ مانگ سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری و چاوپێکەتن لە گەڵ کەسانێک کە لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکاری رووداوەکان بوون. کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە بونە بنەمایەکی گرنگ بۆ پرۆژەیەکی زۆر گەورە لە لایەن HRW و خەرجێکی زۆری بۆ تەرخانکرا. لە ئەنجامی توێژینەوەکەی کتێبی "هەڵمەتی ئەنفال، تاوانی جینۆسایدی عێراق Anfal campaign, Iraq´s Crime of Genocide" بۆ HRW لە ساڵی 1995 بەچاپ ئەگەیەنێت و بلاوئەکاتەوە.

:: هەر لەسەرتای نەوەتەکانەوە هیلتیرمان لە هەوڵ ئەودا ئەبێت رەزامەندی چەند ولاتێک بەدەست بێنێت تا سەرانی رژێمی عێراق بداتە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە لاهای، بەلاَم تەنیا دوو دەوڵەت رەزامەندی نواند و پێویست بە دەوڵەتێکی ئەورووپی ئەکرد کە بێتە پاڵیان، بەلاَم هیچ لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان نەهاتنە ژیاربارری ئەوەوە و هەوڵەکە سەری نەگرت.

:: لە ساڵی 1992 وە وەک بەرێوەبەری پرۆژەی رۆژهەلاَتی ناوین و جێگری بەرێوەبەری گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی The International Crisis Group لە رۆژهەلاَتی ناوین و باکوری ئەفریقا لە نوسینگەی عەمان کار ئەکات.

**2007/10/2**

* کۆپییەکی کتێبەکە وەک دیاری لە لایەن زانکۆی "کامبرج"ەوە نێردرا بۆ ناوەندی چاک CHAK ، بەسودوەرگرتن لەو کۆپیە و لەسەرداواکاری ناوەندی "چاک" پێناسە و خستنەڕوی کتێبەکەم نوسیوە.

## سەرچاوەکان


Hiltermann, Joost R (2007). A Poisonous Affair, America, Iraq, and the Gassing of Halabja. New York, Cambridge University Press

http://www.cambridge.org/us/catalogue/catalogue.asp?isbn=9780521876865

http://www.soros.org/initiatives/mena/events/halabja_20070712/event_biography_folder_initiative_view#hiltermann_joost

http://www.crisisgroup.org/home/index.cfm?id=1371&l=1